پیرۆز بێتساڵیادی ٦٥ هەمینی کۆماری کوردستان

خەڵکی ئازادیخواز و دڵسۆزی کوردستان
دیموکراسیخوازان و ئاشتیخوازان لە هەر کوێیەک هەن



٦٥ ساڵ لەمەوبەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بۆ ١١ مانگ کۆمارێکی کوردستان بخاتە ژیانەوە و بە پێوە ڕای بگرێت. مەخابن هەوڵی ڕێکخراو و بە پیلانی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی ئازادیخوازیی و دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندیی گەورە، سەری گرت و کۆماریان لە دەست کورد ستاند و ڕابەرایەتی کۆماریان لە داردا.
لەگەڵ هەموو ئەو تراژیدیا نەتەوەیشدا هێشتا خەڵکی کوردستان لە هەر چوار بەشی کوردستان بە ڕێز و بە خۆشەویستیەکی گەورەوە ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکەن. پیرۆزکردنەکە بەڵگەیە بۆ ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان و بۆ سووربوونی لەسەر هەڵبژاردنی ڕێگای ڕزگاریی و سەرفەرازیی نەتەوەیی.
لەبەرئەوەیە کە سەرەڕای سەرنەکەوتنی کۆمار و زیانی گەورەی گیانیی و ماڵیی، کە دیارە فاکتەری ناوخۆیی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، خەڵکی کوردستان بە جێژن و بە سەرکەوتنێکی نەتەوەیی دادەنێین.

ئەزموونی کۆمار بۆمان دەسەلمێنێت کە داگیرکەران، سەرەڕای هەموو جۆرە کێشەیەک کە لەگەڵ یەکدا هەیانبێت، هەمیشە دەتوانن دژ بە حەز و خواستی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان یەکبگرن و لەگەڵ یەکدا دژ بە کورد پیلان سازبکەن، هەروەها کە بە بەهێزکردنی هەموو ڕیزەکانمان، بە یەکترقبوڵکردن و متمانەی هاوبەش و بە سیاسەتی کوردستانیی و ڕوون، و بە چەسپاندنی مافی بەرابەریی و هاومافیی بۆ هەمووان، ئێمە دەتوانین گرەوی خەبات ببەینەوە و ئامانجی ئازادیخوازانەمان بپێکین کە دیارە دامەزراندنی دەولەتێکی بۆ خەڵکی کوردستان.

لە ساڵیادی کۆماردا ئێمە هاوپشتیی و هاوسۆزیی و هاوڕێیی و دۆستایەتیی خۆمان بۆ هەموو ئەو تاکەکەس و ڕێکخراوانە دەردەبرین و دووپات دەکەینەوە کە لە خەباتی کوردستانییووندا بەشدارن و کە دژ بە داگیرکەر و داگیرکەریی لە کوردستان تێدەکۆشن.
ئێمە پێمان وایە دەبێت هەموو هەوڵێک بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد بدەین، و دروشمی ڕیفەراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان بەرز بکەینەوە و داوا بکەین کە خەڵکی کوردستان بتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.
سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکی ناوخۆیی دڵنیاین کە کرۆکی مانای هەبوونی کۆمار هەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی بووە. لەبەرئەوە بۆ ئێمە هەولدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیموکراتی کوردستانیی کە تیایدا مرۆڤی کورد ئازاد و سەربەخۆ و پشتەبخۆ ئەستوور و مرۆڤپەروەر بێت، درێژەدانە بە پرۆسەیەک کە هاوڕێیانی کۆمار تا ئاستێک بردیان، بەڵام بە داخەوە نەیانتوانی تیایدا سەرکەوتوو بن.

ئێمە شانبەشانی ئەوانەی سەربەخۆخواز و کوردستانیی و کۆمارخوازن بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی ڕێ دەپێوین. بەو شێوەیە ئێمە درێژە بە خەباتی کوردستانیبوون و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیکی کوردستانیی دەدەین و دڵنیاین ئاییندە بۆ ئازادیخوازان و ڕزگاریخوازانە.

پیرۆز بێت یادی کۆماری کوردستان و هەوڵی وەدیهێنانی کۆمارێکی قایمتر و دیموکراتیک بۆ گەلی کورد!
پیرۆز بێت خەباتی هەموو ئەو کوردستانیانەی کە لە پرۆسەی ئازادیخوازیی گەلی کوردستاندا بەشدارن!

داگیرکارانی کوردستان بۆ دەرەوە!

**هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

کۆمەڵە - پارتی سوسیالدیموکراتی کوردستان
پارتی سەربەستیی کوردستان

www.psdkurdistan.org . www.psk2006.org hawpeimani@gmail.com
٢٠١١/١/١٧